www.kurdistannet.org
25-4-2006 23:14 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەڵوێستێکی مەردانە .... مەلا یاسین مەلاعبداللە چۆمبارۆکی**

پێشەکی چەپکە گوڵێکی جوان وبۆن خۆشی ئەم کوردستانە نازدارە پێشکەش بێت بەروح وگۆری شۆرە سواری مەیدانی عیلم ومەعریفەت، باوکی رۆژنامەگەری کوردی (میقداد مەدحەت بەدرخان) ، کە لە 22/نیسانی 1898 یەکەمین راپەرینی قەڵەمی کوردیان دەست پێکردو یەکەمین مەشخەڵیان هەڵکردو بوونە سەرمەشقی نەوەکانی دوای خۆیان، بۆ بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان کە ئەوپەری خزمەتی گەڵی کوردیان کردوە، لە حکومرانی و سەربازی و جەنگ و بەرگری لە میرنیشینەکان بەرامبەر هێرشی دەولەتی عوسمانی، قارەمان ودلێربوون.

22 ی نیسانی 1989 راپەرینێکی بێوێنەی نووسینی کوردی بوو لە ژێر بەیداخی پیرۆزی کوردستان، رۆژێك بوو جیا لە رۆژانی دیکەی مێژوو، ئەم رۆژە بەدرخانیەکان توانیان داستانێك وشۆرشێك تۆمار بکەن کە تا هەتایە نەوەکانی کورد شانازییان پێوە دەکات.

رۆژی 22 ی نیسان چەژنی رۆژنامەگەری کوردیە، مافی خۆیەتی هەموو رۆناکبیرو رۆشنبیران (بەڵکو گەڵی کورد بە گشتی) یادی ئەم رۆژە بکەنەوە، بەتایبەت چینی رۆشنبیران، با ئەم یادە بکەنە بناغە بۆ یەك هەڵوێستی ویەك ریزیان، بۆ پێشبردنی زمان ودەنگ ورەنگی کوردو سەرخستنی.

ئەم ساڵ لەم بۆنە پیرۆزەدا، یەکیەتی زانایانی ئایینی، لقی سۆران، لە دەسپَشخەرییێکی بێ وێنەدا، مەراسیمێکی قەشەنگ و شایستە بەم بۆنەیەی سازدا، کە چەندەها ماموستای ئایینی ودەزگا حیزبی وحکومی ورۆشنبیرانی دەڤەرەکە ئامادەبون، وەکو وەفاییێك بۆ ئەم یادە شکۆدارە و، رێز لێنانێك بۆ ئەم کەلە پیاوەی ژیانی خۆی بەخشیوە بە رۆژنامەگەری کوردی.

ئەمەو لەم مەراسیمەدا رێز لە 10 ماموستای ئایینی گیرا، کە بەقەڵەمە رەنگینەکانیان خزمەتی ئایین ونیشتمان دەکەن، هەروەها دەزگای زاری کرمانچیش خەڵات کرا، کە خزمەتێکی زۆری رۆشنبیران وزمان وکەڵتوری کوردی دەکات لە دەڤەرەکەدا.

ئەم یادکردنەوەی لقی سۆران بۆ ئەم رۆژە شکۆدارە (کە یادکردنەوەییێکی تاقانە بوو لە سۆران، هیچ دەزگایەکی تر یادی ئەم رۆژەی نەکردەوە!) ، خۆی لە خۆیدا نیشانەی بە گرنگ زانین وخۆشەویستی مەلای کوردە، بەرامبەر بە زمان وکەڵتورو ئەدەبی کوردی، نیشانەی وەفاو دڵسۆزی مەلای کوردە بەرامبەر بەو بوارەی بەو پەری توانا خزمەتیان کردوەو شەونخونی بەردەوامیان لە پێناودا کردووە.
بەرز راگرتنی ئەم یادە لە لایەن مەلایانی دەڤەری سۆران هەڵوێستێکی نەبەرد بوو بۆ هەڵوێستە بێ وێنەکانی تریان و، پەیامێکیش بوو بۆ هەموو رۆشنبیران، کە مەلای کوردیش کوری ئەم خاك ونیشتمان وزمان وکەڵتورەیەو ئەگەر لە هەندێ کەس زیاتر خزمەتی نەکردبێت ئەوە کەم تری نەکردووە!!.

Chombarok_2006@yahoo. com